# عه مامه ی ڕه ش

شیعری..ئارامی شێخ موحه مه د
23.12.2004

شیعری (عه مامه ی ڕه ش) زاده ی ئه و بیروئالۆزه سیاسیه ی ئه مڕۆی کوردوستان وعێراقه ، چۆن له دوارۆژدا ئاگری( عه مامه ڕه ش) ه کۆنه په رسته کانی سه ده کانی ناوه ڕاست ،به باڵای سه ربه خۆی کوردوستان دا هه ڵده گرێت وچه لا ق ده بێته سزای سه رپێچی پیاوان و به رده باران ونیقاب پۆشینیش ده بێته خه ڵاتی سه ربه خۆی ئافره تان.

ناته بای ئێوه لێمان، بۆته د وا فیشه کی مه رگمان
دووا ڕۆژیش، عه مامه و عه با،ده بێته جامانه و به رگمان
سه رتاپا گشت ڕه ش ده پۆشین، وێنه ی چاره نوسمان وابێ
وه کو ئه مڕۆ له کوردوستان که تازه حوسه ین کوژرابێ
حوسه ینی یه که ی سلێمانیش ده بێته ڕۆگه ی پیرۆزمان
له وێ دا گشت سنگ ده کوتین هه ڵده ڕێژین ئه شک وسۆزمان
ئایه تولڵاو سوپای مه هدی، له به رد ه رکی سه را ی بابان
ڕیز ده به ستن بۆ سنگ کوتان بۆ شیوه ن و به خۆدادان
ئا ڵا که شمان ڕه نگ د ه گۆڕن، ڕۆژی زه ردی ده که نه شه و
ئه ڵا و ئه کبه ر ده بێته ویردی زاری کۆرپه مان بۆ خه و
له ناو فێرگه و دیوانمانا عه مامه ی سه د ر و سیستانی
هه ڵده واسین له جێ ی وێنه ی بۆینباخ و جامه دانی
هه رچی ناوی هونه رمه ندو شاعیر، پێشه واو زانایه
له سه ر شه قاممان لاده برێن، چونکه دژی ویستی خووایه
له جێ ی شه قامی گۆران و نالی ،مه وله وی، یا خانی
ده بێته سه د رو حوسه ین و عه لی و حه کیم و سیستانی
ئیتر نه قابیش بۆ سه ر ژن ده بێته دیاری قورئانی
سزای نه پۆشین چه لاقه، یابه رده باران بۆ گیانی
*یاوه رانی فیلی پاشا* ! ئه گه ر نه که ن بیرێ چارێ
ڕه نگی ڕه شیان ! داده پۆشێ کوردوستانمان وه ک شه وگارێ
.......................................................................